# چەند تێبینیەک بۆکاک بیلالی بێ نوقتە{خاڵ}

گۆران هەڵەبجەیی



دەمێک لە خوێندنگا فێری نووسین و خوێندنەوە کراین، سەرەتا بەوە فێرکراین کە چۆن ڕستە پێکبهێنین. ئەوەش فێربووین کە پیت گچکەترین بەشی ڕستەیە،پاشان ووشە{ پەیڤ} دێت، ئەوجا چەند پەیڤێک پێکڕا ڕستە پێکدێنن .واتەپەیڤ لەچەند پیتێک پێکدێت و ڕستەیش لەچەند پەیڤێک. هاوکات فێری ئەوەش کراین کە هەموو ڕستەیەک بە {خاڵ} نوقتە کۆتایی پێبهێنین. مەبەستیش لە دانانی خاڵ لە کۆتایی ڕستەدا ئەوەیە کە ئەو ڕستەیە یا ئەو مەبەستەی لە ڕستەیەکدا خۆی دەبینێتەوە کۆتایی هاتووە. کەواتە ڕستەکاری وەک کردنەوەی چەند دەروازەیەک وایە، بەکۆتایی ڕستەیەک دەروازەیەک دادەخەین و پاشان دوای خاڵەکە دەروازەیەکی نوێ دەکەینەوە.

خۆ گەر ڕستەیەک دووروودرێژبوو ، یا لە چەند بڕگەیەک پێکهاتبوو، ئەودەمە لەنێوان بڕگەکاندا وێرگوڵ{فاریزە} یا {و} دادەنێین.

تەنانەت ئەو ڕستانەش کە بە نیشانەی{ پرسیار؟} یا{ سەرسووڕمان!}کۆتایی هاتوون دیسان خاڵیان لەگەڵدایە،وەک لێرەدا دەبینرێن.

کەواتە خاڵ، وێرگوڵ ، نیشانەکانی پرسیارو سەرسوورمان و تاد .... بەشێکن لە پێکهاتەی ڕستەو لە نووسیندا گرنگی خۆیان هەیە و ئاکام ومەبەست دیاری دەکەن. گەر لەنووسیندا ڕەچاوی ئەو شتانە نەکرێت، ئەودەمە بابەتەکە بێسەرووبەر دەبێت و بەزەحمەت کۆتایی ڕستەکان دەدۆزرێنەوە.

بەڕێزێک بەنێوی بیلال سەعید کە تازە هاتووەتە نێو جیهانی نووسینەوە، ماوەیەکە لە کوردستان نێت و دەنگەکاندا بابەتی هەمەچەشنە بڵاودەکاتەوە.

من قسەم لەسەر ناوەڕۆکی نووسینەکانی نیە، ئەوەیان بۆ خوێنەر جێدەهێڵم، وەلێ ئەوەی بەلامەوە گرنگە یاساکانی نووسین و مەسەلەی زمانە.ئەو بەڕێزە بەهیچ جۆرێک ڕێنمایی ڕێنووسی نەکردووە.لەڕووی داڕشتنی ڕستەو بەکارهێنانی زمانەوە زۆر کۆڵەوارە.لە ڕستەکاندا مەبەستەکانی ڕوون نین.

لەهەمووی سەیرتر وەک ئەو بەڕێزە دووژمنایەتی لەگەڵ خاڵ و وێرگوڵ و نیشانەکاندا هەبێت،لە نووسینەکانیدا ئەوشتانە بوونیان نیە، تەنها لە کۆتایی بابەتەکانیدا نەبێت کە خاڵێک دادەنێت.

نوێترین بابەتی کاک بیلال بەنێوی[دەنگمان ئایندەتانە] کە لە دەنگەکاندا{9/29} بڵاوکراوەتەوە،بەنمونە دەهێنمەوە.
سەرجەم بابەتەکەی لە یەک ڕستە پێکهاتووە، بەوەی کە لەدەسپێکەوە تا کۆتایی تەنیا یەک خاڵ بەدی دەکرێت، ئەویش لە کۆتایدایە.
لەڕووی ڕێزمانیشەوە تەژیە لە هەڵە، بۆیە ئەز تەنها دەسپێک و کۆتایی دووابابەتی بۆ ڕاست دەکەمەوە،چونکە ڕاستکردنەوەی هەموبابەتەکە پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوە هەیە ، کە ئەوەش ئەرکی من نیە.
کاک بیلال بەم جۆرە دەستپێدەکات[بەلاتەوە سەیر نەبیت کە دروشمە کە ی ی سەر ەوە زۆر گوێبیستی بوو بیت... ]
ڕاستیەکەی بەم جۆرەدەبیت:
[بەلاتەوە سەیرنەبێت کەزۆر{جار} گوێبیستی ئەو درووشمەی سەرەوە بووبیت...]
لەپاش گوێبیستی بوو بیت بابەتەکەی بەردەوامی وەردەگریت و دەڵێت[بەلکوگورانکاریەکەلەمانای ووشە کانی دروشمی کومسیونی بالا ی ی سەربە خۆی هەلبژاردنەکانەوە وە ئەویش ئەوەیە.....]
دووسێ جار ئەم بڕگەیەم خوێندەوە هیچی لێ تێنەگەشتم،پاشان شوێنگۆڕکێم بە پەیڤەکانیش کرد هەر بێهودە بوو، مەگەر تەنها خۆی لەمەبەستەکەی بگات.
لەدووا بڕگەدا دەڵێت[تیبینی لەگەل زۆر داوای لیبوردن لە کومسیونی بالای هە لبژاردن دەکەم بە بوونەی ێ]
بەر لەهەمووشت پاش پەیڤی تێبینی پێویستە نیشانەی{/} یا {:} دابنرێت. لێ ئەو برادەرە پەیڤی تێبینیشی کردووە بە بەشێک لە ڕستەکە.
پەیڤی {لەگەڵ} زیادە، خۆ گەر {لەگەڵ}ی دانا ئەودەمە {دەکەم}ی پاش هەڵبژاردن پێویست ناکات.
دەکرێ بەمجۆرەی خوارەوەش بنووسرێت:
لەگەڵ داوای لێبووردنێکی زۆر لەکۆمیسیونی باڵای هەڵبژاردنەکان.

لەکۆتایدا بەکاک بیلال دڵێم ،برام پەلە لە نووسیندا مەکە،جارێ بڕێک شارەزایی لە بنەماکانی نووسیندا پەیدا بکە، ئەوجا بنووسە.
تۆ هێشتا جەحێلیت و تەمەنێکی زۆر لە پێشتە.خۆگەر زۆر ئارەزووی نووسین دەکەی ئەوا تکات لێدەکەم ڕەچاوی ئەوخاڵە لاوازانە بکە کە باسم کردن.
ئەوەی دەنووسێت گەرەکە هەوڵبدات زمانەکەمان گەشەپێبدات، نەک بیشێوێنێ .دەمێک کەسێک بابەتێک دەنووسێت خودی خۆی لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسە ، لێ لەڕووی زمانەوە

هەموومان بەرپرسین وبۆمان هەیە قسەی تێدا بکەین، چونکە زمان زمانی تاکەکەسێک نیە، بەڵکو زمانی نەتەوەیەکەو پاراستنیشی ئەرکی هەمووانە.
لەگەڵ ڕێزمدا.

halabja@ofir.dk